# ناسیۆنالیزم و جامی جیهانی تۆپی پێ



**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

ماوەی زیاتر لە دەساڵە لە ئەڵمانیا دەژیم ، هیچ کاتێک هێندەی ئەم ماوەیە ئالآی ئەڵمانیام نەدیووە. دەچیتە هەر شوێنێکەوە ، ئالآی ئەڵمانیا هەڵواسراوە . لەسەر هەر ماڵیک یان دەزگایەک یان قاوەخانەیەک ، چێشتخانەیەک ، تەنانەت لەناو زانکۆکانیش ، ئالآی ئەڵمانی هەڵواسراوە. ئەوە با ئۆتۆمبیلەکان بووەستن ، کە زۆریان لەجیاتی ئالآیەک ، دووسێ ئالآی بە خۆیەوە هەڵواسیوە . تەنها لەشاری کۆڵن لەهەفتەی یەکەمدا زیاتر لە 40 هەزار ئالآ فرۆشراون . باس لە ملیۆن و دووملیۆن ئالآ دەکرێت ، کە لە هەفتەی یەکەمدا لەتەواوی ئەڵمانیا فرۆشراون. جگە لەو هەموو شمەکە زۆرانەی ( جانتای ژنان و کراس وپانتۆل و شۆرت و ملپێچ و باڵۆن ،،،،هەزاران شتی تریش ) ، بە ڕەنگی ڕەش و زەرد و سوور، (کە ڕەنگی ئالآی ئەڵمانیایە) دروستکراوەو لەبازاڕەکاندا دەفرۆشێت . قسە تەنها لەسەر ئالآ، یان تۆپی پێ نییە ، بەڵکە قسە لەسەر ئەو (مەوجە ناسیۆنالیزم وپاتریۆتیزمەیە) ، کەلەم ماوەیەدا بەئاشکرا دەردەکەوێت . ئەم حاڵەتە نوێیەی ئەڵمانیا وای کردووە،کە زۆر لە رۆژنامەکانی جیهانیش باسی لێوە بکەن. ئەمە یەکەمینجارە بەو شێوەیە ، ئالآو ناسیۆنالیزم وپاتریۆتیزم ، بەزەقی لەئەڵمانیا دەردەکەوێت . لەپاش جەنگی دووەمی جیهانیەوە ، شتی وا ڕووینەداوە . ئەم حاڵەتەوای کردووە ، کە هەندێک کەس بە ترسەوە سەیری ئەم مەوجەی پاتریۆتیزمەبکەن . دیارە تۆپی پێ لەهەموو یاریەک زیاتر ، سۆزەدەروونیەکانی مرۆڤ دەورووژێنێت ، لێ هیچ کات نابێت ئەم یاریە ببێتە بەنزینێک بۆ بیری ناسیۆنالیزم و پاتریۆتیزم . لێ بەداخەوە ئەمرۆ ئەم یاریە ، بۆ ئاگردانی سۆزی نەتەوەیی و پاتریۆتیزم بەکاردەهێنرێت . بەشێکی زۆری هەوادارنی ئەم یاریە ، ئەندامی گرووپە راسیزمەکانن . ئەمرۆ یاریگاکانی تۆپی پێ ، باشترین پێدەشتن بۆ سەوزبوونی بیری راسیزم لەئەوروپادا . لەکاتی یاری ( ئەلمانیاو کۆستەیکا ) لەگەڵ برادەرێکدا چووینە کافێیەکەوە دانیشتین. کاتێک کۆستەریکا گۆڵی کرد ،برادەرەکەم هەستایە سەرپێ و بۆ خۆشی هاوارێکی کرد. لێ یەکسەر ئەڵمانیەکان دەستیان کرد بە جنێودان و قسەی ناشرین پێمان . حاڵەتەکە زۆر ترسناک بوو ، هەندێک هەرزەکار هاتن بۆمان، خەریک بوو شەڕمان پێ بفرۆشن. باش بوو ( بۆدی گاردەکە ، پاسەوانەکە) فریامان کەوت ، دەنا ئەڵمانیەکان نیازیان زۆر خراپ بوو. لێ لەهەمووی گاڵتەجاری تر ، کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە و تەلەفزیۆنم کردەوە ، سەیردەکەم چەند دیمەنێک پیشان دەدات ، کەچۆن ( ئەڵمانی وکۆستەریکی ) پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕن!!! . ئەمە پێی دەڵێن (دیماگۆگی) ، کە مێژوویەکی زۆری لەم وولآتەدا هەیە . لەلایەکی ترەوە زۆر بە بێ شەرمانە ،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گاڵتە بە تیپەکانی وولاتی نائەوروپی دەکەن بەتایبەت ( ئەفەریقی و ئاسیاویەکان ) . گیونتەر نێتسە ، کە یەکێکە لە موحەلیلەکانی تۆپی پێ لەکەناڵی یەکی ئەڵمانیARD ، بەئاشکرا بەرگری لە تیپە ئەوروپیەکان دەکات . زۆرجاریش گاڵتەو سووکایەتی بە تیپەکانی تر دەکات . یان بە ئەفەریقیەکان دەڵێت( فاوڵچین و ئەگرەسیفن) .لە ریپۆرتاژێکی تەلەفزیۆنیشدا دەرکەوت ، کە ئەڵمانیەکان بەیەک چاو سەیری نەتەوەکان ناکەن . بۆ نموونە کاتێک ئەفەریقیەک لە تێرمیناڵی شاری لایبزیک پرسیاری دەکرد ، فەرمانبەرەکە وەڵامی نەدەدایەوە و دەیووت: (ئینگلیزی نازانم) . لێ کاتێک ئینگلیزێک هات، بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکردو ، بەئینگلیزیەکی پێرفێکتەوە، کەوتە قسەکردن لەگەڵ کابرای ئینگلیز. بەراستی هەندێک حاڵەتی وام لەم جامی جیهانیە بەرچاوکەوت ، کە هەر یاری تۆپی پێم لەبەرچاوکەوت . هەرچەندە پێشتر زۆر خولیای ئەم یاریەبووم . کاتێک سەیر دەکەیت ئەم یاریە بۆتە ( کەرنەفاڵێکی قێزەون بۆ بیری ناسیۆنالیزم و پاتریۆتیزم) .



زۆر لەئینگلیزەکانم بینی ، کە جلوبەرگی سەربازی سەردەمی خاچ پەرستیان لەبەرکردبوو . وەک بڵێیت ئەم یاریە ، کاتی شەڕی خاچ پەرستی و داگیرکردنی وولاتانیان بیر دەهێنێتەوە. هەرچەندە من دڵنیام ، ئەم جۆرە حاڵەتانە هەمووی ، تەعبیر لە چەمکێکی سیاسی و فەلسەفی دەکات . بەگشتی دەتوانم بڵێم ، گەر جاران جامی جیهانی و سپۆرت، بۆ ناساندن وپەیوەندی گەلانی جیهان بووبێت ، ئەوا بەدڵنیایەوە ئەمڕۆ ئەو پەیامە مەزنەو پیرۆزەی جارانی لەدەستداوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com